# ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکت لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردیدا

**ID No. 940**

(PP 210 - 226)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.6.13

**پەیمان عثمان رسول**

بەشی شێوەکاری،کۆلێژ هونەرە جوانەکان،زانکۆ سلاحەدین-هەولێر

Osmanpayman4@gmail.com

**وەگـــــــرتن :2023/02/09**

**پەسندکردن : 2023/07/21**

**بڵاوکردنەوە : 2023/12/15**

## پوختە

بابەتی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی( ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکت لە نیگارکیشانی هاوچەرخی کوردیدا)..کە دابەش کراوە بۆ چوار بەشی سەرەکی بەشی یەکەمی پێك دێت لە کێشەی توێژینەوە وگرینگی وئامانج سنورو زاراوەکان، توێژەر کێشەی توێژینەوەی لەم پرسیارەی خوارەوە کورتدەکاتەوە.* ئایە ئاراستەکانی هونەری ئەبستڕاکت کاریگەریان هەبووە لەسەر هونەرمەندانی کوری هاوچەرخدا .سنووری توێژینەوە: بابەت و ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکت لە نیگارکیشانی هاوچەرخی کوردیدا، ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ز.. هەرێمی کوردستانی عێراق بە نمونە. پێناسەی زاراوەکان بریتیە لە(ئەبستراکت، هاوچەرخ).بەشی دووەم پێك دێ لە دوو تەوەرەی سەرەکی، تەوەرەی یەکەمی توێژینەوە بریتیە لە (ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکتی هاوچەرخ)و تەوەرەی دووەمیش بریتییە لە(کاریگەری ئاراستەکان لە سەر شێوەکارنی کورد لە کوردستان). بەشی سێیەم پێك هاتووە لە ڕێکارەکانی توێیژنەوە و کۆمەڵگای توێژینەوەو نموونەی توێزینەوە، توێژەر سێ نمونەی بە شێوەکی(مەبەستدار)دیاریکردووە، هەرچی بەشی چوارەمیشە ئەنجامەکان لەخۆدەگرێت

**ووشە سەرەکییەکان**: شێوە، ڕەنگ، هونەر، هونەرمەند، ئەبستراکت.

## 1-پێشەکی :

یەکەم شت کە لە سەر مێژووی هونەری شێوەکاری لە باشوری کوردستان و تەنانەت عێراقیش دەبێ باس بکرێ قەیران و نەبونی سەرچاوەی هونەریە، بەهۆی ئەوەی، کە کوردستان هەمیشە ناوچەیەکی داگیرکراو بووە و سەرقاڵی ڕزگار کردنی ئاوو خاکی خۆی بووە، ئەو سەرچاوانەی، کە هەبووە برێک لە کتێبی هونەری شێوەکاری بوون، بە زمانی عەرەبی، کە هەمووی هی ساڵانی شەستەکان بوو و وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی، کە وەک قۆناغی هونەری شێوەکاری جیهانی نووسرابوو. واتا ئێمە هەتا ئێستاش سەرچاوەی پۆلێن کراوو داڕشتراو لەسەر مێژووی هونەر بەتایبەت هونەری شێوە کاریمان لە باشوری کوردستان نیە ئەو عەقڵیەتی ئارشیف کردن و کۆکردنەوەی بابەت و بەرهەمی هونەریش دەتوانێ یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی مێژوویەکی نوسراوەو باوەڕپێکراو بێ.

## -چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١-١کێشەی توێژینەوە:

لە نێو مێژووی هونەری هەموو سەردەمەکانەوە، هونەرمەندان بە تێپەڕبوونی کات و جیاوازی لە مێژووی هونەرەوە، بە شێوازە جۆراوجۆرەکانەوە، هەوڵیان داوە خویان لە فۆرمەکان دوور بخەنەوە ، ئەوانەی ناوەرۆکی دەقە بینراوەکان تێیاندا بە لاوە دەندرێت، کە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بەو پەڕی گوزارشت کردن لە ئازادی خودی مرۆڤەوە. بۆیە کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە:

* ئایە ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکت کاریگەریان هەبووە لە سەر هونەرمەندانی کوردی هاوچەرخدا ، یان نا ؟

**٢-١گرنگی توێژینەوە:**

- ناساندنی هونەری ئەبستراك لە وێنەکیشانی هاوچەرخی کوردی وخستنە ڕووی بە شێوەیەکی ئەکادیمی وزانستیانە، بۆ گەشە پێدانی لایەنی ڕۆشنبیری و کلتوری .
- سوود مەند بوونی کتێبخانە شێوەکاریەکان بۆ بووژاندنەوەی هونەری کوردی لە بوارە جیاوازەکانی مێژووی فەلسەفی و ڕەخنەیی ئەرشیفی.

٣-١ئامانجی توێژینەوەکە:

ئاشنا بوون بە ئاراستەکانی هونەری ئەبستڕاکت لە نیگارکێشی هاوچەرخی کوردیدا

**٤-١سنووری توێژینەوە:**

سنووری بابەتی: ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکت لە نیگارکیشانی هاوچەرخی کوردیدا.

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراق .

سنووری کاتی:لە ساڵی(2006)وە بۆ ساڵی (2008)ز.

**٥-١دیاری کردنی زاراوەکان :**

١-ئەبستراکت لە فەرهەنگدا:

ڕوتکردنەوەی شتێک، ڕوتی دەکاتەوە، ڕوتیکردەوە، واتە: پاکی کردەوە، ڕووتکردنەوە چاوگەکەیەتی، ڕوتیکردەوە لە جل و بەرگ، ئەگەر لێی لابدەیت، واتە ڕوتکردنەوە لە جل و بەرگ، دەوترێت: خاکی بێبەر، واتە، هیچ نەمامێکی تێدا نییە (الفیرو زابادي، مجد الدین محمد ،2019،ل292).

٢- ئەبستراك وەک زاراوە:

بریتییە لە: ((پرۆسەیەکی هزری، کە عەقڵ لە بەشە بچوکەکان دەباتە بەشە گەورەکان و زیادکراوەکانەوە)). ( الآغا،2007،ص15).

یان بریتییە لە ((دەرهینانی گیان بۆ هەموو (گشت) لە بەشە بچوکەکان لەڕێگەی ڕوتکردنەوەی مانای مادەکە و پەیوەندی و لێکەوتەکانی)). (مراد وهبة،1971،ص 46).

٣- **کەواتا** ئەبستراك :

حاڵەتێکی ئەفسانەییە، کە هونەرمەند هەوڵ دەدات دونیای شتە بینراوەکان تێپەڕێنێت، واتە چونە ناو دونیای ڕەهاو ڕۆحی پاک، بۆ مەبەستی ئاشکرا کردنو گەیشتن بە ناوەرۆکی جەوهەری شێوەکان.

**هاوچەرخ:**

**١-هاوچەرخ لە ڕووی فەرهەنگی:** لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا هاتووە "هاوچەرخ واتە هاوچاخ" (هەژار،١٩٩٠،ل٩٤٣).

الزبیدی دەڵێ: "مۆدێرنێتە سەرچاوەی ئەو کارەیە، ((دەوترێت: ڕوویداوە" پێچەوانەکەی کۆنە)). (الزبیدی،2011،ل1)

یاخود هاوچەرخ ((جەختکردنەوەیە لە گرینگی بەیەکەوە گرێدانی نێوان ڕابردوو و ئێستا و بەیەك بەستنەوەی واقعی و بەدیهێنانوو بۆ ماوەیەکی مێژوویی)). (ڕەسول ،2008،ل10)

٢- **هاوچەرخ** وەك زاراوە:

((دوایین کاتی هونەرییە بۆ چەمکی مۆدێرن)). (عبود،1987،ل11)

لە لایەکی تریشدا: ((هاوچەرخ هاوشانی کردنی هەموو شتێکی نوێ و هەنوکەییە، کە ئەو پەیوەندیە جەدەلیە لە کارلێکردن بەرجەستە دەکات، کە لەڕێیەوە کلتور بەپێی ڕوانگەیەکی سەردەم دەپاڵێوێ لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا)). (رسول، 2013،ل28)٣-

**کەواتە هاوچەرخ :**

مەبەست لێی هەموو ئەو کارە هونەریە نوێ و هەنوکەییانەیە لە کاتی ئێستادا ئەنجامدراون وئەنجام دەدرین، واتا هاوسەردەمی ئێمەن. (محمد،دانا،2017،ل9)

٢-چوارچێوەی تیۆری توێزینەوە:

**-٢ ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکتی هاوچەرخ:**

**1 - گروپی (ئەسپ سوارە شینەکان Blue Rider):**

ئەسپ سوارە شینەکان : زاراوەیەکی ئەڵمانییە دراوە بە گروپێکی هونەری لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوتوو. لە ساڵی (1911) لە شاری میونخی ئەڵمانیا لە لایەن هونەرمەندی ڕووسی ڤاسیلی کاندینسکی دامەزراوە و ئەو ناوەشی بۆ ئەو گرووپە هەڵگرت، ئەم گروپە لە بنچینەدا یەکێکە لەو لقانەی کە لە قوتابخانەی دەربڕینەوە سەری هەڵداوە، لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەی بەها دەربڕینەکان لە کاری هونەری و بەدیهێنانیان لە ڕێگەی زیادەڕۆیی و ڕەنگ و هەموارکردنەوەی هێڵی و پەراوێزخستنی بابەتە سروشتییەکانەوە بووە، هەر ئەم گروپە گۆڤارێکیان بڵاوکردەوە، کە هەڵگری ناوی خۆیەتی و ئامانجی بڵاوکردنەوەی پرەنسیپ و کەلتووری هونەری هاوچەرخە لەبوارە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی وەک فۆتۆگرافی و پەیکەرسازی و تەلارسازی و هتد، لە ڕێگای پەیوەندی بەکۆمەڵ لەگەڵ ڕای گشتی خەڵک. جماعة الفارس الأزرق(alyaum.com)

کۆمەڵێک هونەرمەند چوەنەتە نێو ئەم گروپە، لەوانە: (کۆفکا) کە تابلۆکانی کەسایەتییەکی مۆسیقایی بێ هاوتا هەبوو و هونەرمەند(ڕۆبێرت دلاونی)، کە بەرهەمی هونەریان بە ڕەنگە گەوهەریە پاکەکانی

دیاری کرابوو، بەڵام کاندینسکی بایەخێکی بە لایەنی ڕۆحی هونەری دەدا و لە ساڵی 1912 دا کتێبێکی بە ناوی ((هونەری هارمۆنی ڕۆحی) دانا.



وێنە (١)فرانز مارک: تاوەری ئەسپە شینەکان (1913) لە ساڵی(1945)ەوە وون بووە




وێنە (٢)بەرگی ساڵنامەی ئەسپ سوارە شینەکان 1912

گروپی ئەسپ سوارە شینەکان بە ناوی پۆرترێتێکی ئەبستراکتی کاندینسکی ناو لێندراوە و لە لایەن هونەرمەندی سویسری (پاول کلی) و هونەرمەند (کۆپکا) و هونەرمەندی ئیسپانی (پیکابیا) و هونەرمەندی ئەڵمانی (داڵۆنی) بەرەوپێشبراوە ، لەم بارەیەوە (کۆفکا) بە پراکتیکی نووسینەکانی کەندینسکی دەوڵەمەند کرد سەبارەت بە ئەبستراکت و ئاماژەی بە ئەبستراکتی مۆسیقی دا، بە دەربڕینی لەرینەوەی دەنگ ڕەنگ و ئاوازە مۆسیقییەکان. لە تابلۆ مۆسیقیەکەیدا کە بە ناوی (شین` سوور) لە ڕووی ستوونییەوە کە ڕەنگەکان بە هێڵ و پانتایی ڕەشەوە دەپێچرێنەوە.(عبد السادة،2011،ص196)

**-٢ دی استیل(گروپی شێواز Destigl ):**

دی ئیستێل (گروپی شێواز): زاراوەیەکە لە ساڵی( ١٩١٧ بۆ ١٩٣٤ ) وەکو ناوی گروپێکی شێوەکاری دەرکەوت. ئەم ڕەوتە و لە بنەڕەتدا ناوی گۆڤارێکی خولی بوو، لە ئەمستردام بەشداری لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە ئەبستراکتیەکان دەکرد، دواتر ئەم گروپە لە ساڵی (١٨٨٣ تا ١٩٣١ )لەلایەن (ڤان دێسبورگVan Doesburg ) و مۆندریان و ئەوانی تر گەشەی پێدرا و لەسەر بنەمایکی ورد، یەك لە دوای یەکی دەرکەوتە سروشتیەکان، واتای فۆرمەکە گەیشتە ڕەهەندەکانی ماتماتیکی ئەبستراکت. و زاڵ بوو بە سەر پانتاییە ڕەنگیەکانو و ڕووی شێوەکانی وەک لە هونەرە ڕۆژهەڵاتیەکاندا دەرکەوت. (عبد الغنی،١٩٨٤،ص١٠٥)

لە پاشان ڕەنگەکان کەمکرانەوە بۆ سادەترین شێوە و هێڵەکان ڕەق بوون، لایەنگرانی (دی ستیل)بە کەمکردنەوەی بنچینەکانی شێوە و ڕەنگ داوای پاکی و جیهانیان کرد ئەمە پێکهاتەی بینایی ئاسان دەکات بۆ ستوونی و ئاسۆیی، تەنها رەنگی ڕەش، سپی و بنەڕەتی بەکاردێنێت. https://stringfixer.com/ar/De_stijl



وێنه (٣) ثیو فان دوسبرغ، پێکهاتەی حەوتەم ،سێ بەخشندە (النعم الثلاث) (١٩١٧)

**٣-** ئاراسته سەرەتایەكانی **ئەبستراكت (Elementarism):**

دروستکەری ئەم زاراوە ئەبستراکتە هۆڵەندییە، (تۆڤان دێسبێرگ) لێرەدا مەبەست نییە لەسەر بنەمای پێش مێژووەو سەرەتاکانەوە هاتبێتە درووستبوون، هەرچەندە بە ڕێژەیەک ئەم مانایەی هەڵگرتووە بەهۆی ئەو هێڵکارییە ئاسۆیی و ستوونییەی لە ستایلە ئەندازەییە سادەکەی هەیە، کە لەلایەن چەند هۆزێکی سەرەتاییەوە بە کار هاتووە ، لە لایەکی ترەوە زۆر لەو پەنجەرە دارە عەرەبیانە دەچێت، وەک هێڵە ئەندازەییە جێگیرەکان و چوارگۆشە کراوەکان. یان جیاوازە لە بۆشاییە پێچەوانەکان، بەڵکو لقێک لە مەزهەبی تەلارسازی مۆندریان. کە لە (شێوەکاری مۆدێرن) مۆندریان گۆشەی ڕاست برد و بەرگری لێ کرد.
http://www.brob.org/bohoth/makalat_b03/makalat302.htm



وێنه (٤) پێکهاتن لەگەڵ فرۆکەی سووری گەورەکە، زەرد، ڕەش، خۆڵەمێشی و شین،(1921)

ئەم ڕێبازە ئەبستراکتە لە ڕێبازی تەلارسازی مۆندریان وەرگیراوەو لە وێنەگرتنی ئەبستراکتدا پشتی بەستووە بە جوڵاندنی ڕووکەشی ئەندازەیی لە ڕەهەندە هەمەجۆرەکان و شێوەی هێڵە ڕەشەکان و بەکارهێنانی ڕەش لەسەر زەوی خۆڵەمێشی.

جیاوازی نێوان ئەم ڕێبازە، لەگەڵ ڕێبازە ئەبستراکتییەی مۆندریان لە توخمی جووڵانەوە دایە و کەم بەکارهێنانی ڕەنگ وای لێ کرد، دامەزراوە تەلارسازییەکان تێپەڕێنێت.(عبد السادة،2011،ص197)

**٤- ئۆرفیزم:**

**بە یەکێک لە یەکەمین دەرکەوتەکانی تابلۆی ئەبستراکتی مۆدێرن دادەنرێت، کە لە قوتابخانەی کیوبیست لە هونەری فۆتۆگرافیدا هاتووەتە دەرەوە و مانای سادەکردنی کوبیزمە بۆ پانتایی تەخت لە ڕەنگە هاوتەریبەکان.**

**شاعیر (گیوم ئەبو للینر) یەکەم کەس بوو، کە ئەم ناوەی لێنا" ئەویش ئەو کاتەی" کە هەوڵێکی وێنەگرتنی ڕۆبێرت دیلۆنی دا، لە ساڵی (1911) دەستی پێکرد و دواتر کەسانی تر وەک (مێگدۆ لاندرایت و مۆرگان راسێل و بروس) شوێنی کەوتن.**

**دیلۆنی یەکەم جار لایەنگری ئاراستەی کوبیست بوو.پاشان گۆڕا بۆ کردنەوەی ئەو بەستەرەی، کە شەش پاڵو و لوولەکەکانی لە تابلۆکانی (سیزان و براک) بەیەکەوە دەبەستنەوە، بۆ ئەوەی بیانکەنە بانتایی لە ڕەنگەکانی تیشکدەرەوە، وەک ئەوەی ڕەنگدانەوەیەکی روناک بی لەسەر ڕووکەشێکی شوشەیی.**http://www.brob.org/bohoth/makalat_b03/makalat302.htm

گشت کیوبیزمی شیکاری (وئۆرفیزم و فوتوریزم) وەکو هونەری ئەپستراکت بە شێوە وڕەنگ مانەوە و تابلوی نیمچە ئەپستراکیان پێك هێنا، بەڵام وەکو باسمان لێوە کرد بە فیکەراتیڤی مایەوە. (گارا،2005، لا239)



وێنە (٥) دیلونی (خۆر و مانك)

**1- ڕایونیزم Rayonism:**

واتە: جووڵەی تیشکدانەوە، کە لە لایەن نیگارکێشی ڕووسی میشێل لارنۆۆڤ (1964-1988) لە ڕێبازێکی داهاتووی ئیتاڵی وەریگرت، ناوەڕۆکەکەی بۆ گرێدانی کات و شوێنە بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندی چوارەم و بۆ گەیشتن بەم کۆتاییە پێویستە، تا هونەرمەند ڕەچاوی تیشکی ڕەنگەکان بکا لە سەر شێوەی هێڵە ڕەنگەکان هاوسەنگ یان جیاوازی.(عبد السادة،2011،ص197) ڕا یونیزم لە بنە رە تدا لە کوبوفوتوریزمی ڕووسی جیا ناکریتەوە، بگرە درێژە ی ئەو ڕیبازەیە لە بەرئەوەی هەردوو هونەرمەند (میخائیل لاریونو Mikhail Lariono - و خیزانە کە ی ناتالیا گونجا روفا Natalia Goncarova ١٨٨١ -١٩٩٢ ) کاریاکرد بۆ ئەوەی پێش ئەودی بگەن بە تابلوی ڕایونیزم وەکو هونەرمەندی کۆبوفوتوریزم کاریان دەکرد.

ڕایونیزم پارچە پارچە کردنی شێوە بوو لە ناو ئەتموسفیری ڕەنگدا. کە وەکو تیشکێک دەبینرا لە شەبەنگێکەوە هاتبیتەدەرێ. زۆر ڕووکەش و بێ دەرکەوتنی هیچ فیگەرێک تیایدا.(گارا،2005،لا222)



وێنە (٦) ناتالیا گونجارۆف،دارستانێکی شین و سەوز، (١٩١٣)

**6- ئاراستەی سوپەر ماتیزم ( Supermatism):**

جوڵانەوەیەکی هونەری شێوەکاریە لە مۆسکۆ لە لایەن هونەرمەند (کازیمیر مالڤیچ) لە ساڵی (1913)دامەزراوە، تا ساڵی 1920 بەردەوام بوو، بەڵام پێش ئەوەی ون بێت بناغەی هونەرە ئەبستراکتی ئەندازەیی دانا ، سوپریماتیزم ناوێک بۆ (کازیمیر مالڤیک)ی دانا، بۆ ئەبستراکی ئەندازەیی لەهونەری شێوەکاری، لە ساڵی 1913 دروستی کرد لە ڕووسیا کە لە کوبیزمەوە هێناویەتی، ئەو توخمانەی بەکاری دەهێنا (چوارگۆشە و بازنەکە و سێگۆشە) بوون و یەکەم کاری دەربڕینی بیرۆکەکە چوارگۆشەیەکی ئەندازەیی ڕەش بوو لە تابلۆیەکی سپیدا، کە مالڤیچ لە مۆسکۆ لە ساڵی (1913) نمایشی کرد.



وێنە (٧) کازیمیر مالیڤیچ ،چوارگۆشەی ڕەش، کالیفۆرنیا(١٩٢٣)

(عبد السادة ،2011،لا198) کازیمیر مالیڤیچ چەندین بەرهەمی بەشێوازی السوبر ماتزم کێشاوە لە ساڵی ١٩١٨دا، کە سپی لە سەر سپی پێشکەش کرد، کە چوارگۆشەیەکی سپی کەمێک لارکراوە لەسەر باکگراوندی سندوقێکی سپی تر بە تۆنێکی کەێک جیاوازتر. هەموو تابلۆکانی سەروەری باڵا(السیادة) سادە نەبوو ،مالڤیچ زۆربەی کات هەوڵی ڕێکخستنی ئەندازەیی هێڵەکان و شێوەکانی داوە. (https://ar.peopleperproject.com/posts/7199-biography-of-kazimir-malevich-russian-abstract-artist)

**7- ئەبستراکتی دەربڕینخوازی( Abstract Expressionism ):**

جووڵەیەکی ترە لە وێنەکێشانی ئەبستراکت لە (هونەری شێوەکاری)، کە: (زاراوەیەکە کە لە ساڵی(1929) لەلایەن (ئالفرێد ئاگ بار)ی دامەزرێنەری مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لە نیویۆرک بەکارهات، ئەوەش کاتی گفتوگۆکردن لەسەر کارەکانی کاندینسکی، ڕەخنەگری هونەری (ڕۆبێرت کۆتس) لە گۆڤاری نیویۆرک دەستی کرد بە باسکردنی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەبستراکتی فۆتۆگرافی کە لە ساڵی (1946) لەلایەن کۆمەڵێک هونەرمەندە ئەوروپی و ئەمریکیەکانەوە پێشکەش کرا.( عبد السادة،2011،ص 198)

کاتێک کاندینسکی لەئەڵمانیا یەکەمین تابلۆی ئەبستراکتی خۆی بەناوی "ئەبستراکت" پێشکەش کرد و گوتی ئەم جۆرە وێنەگرتنە دەگەڕیتەوە بۆ تەوژمی دەربڕین، کە هونەرمەند داهێنانەکانی لەپاڵنەرە جۆراوجۆرەکانی خۆی وەرگرتووە. (نعمت إسماعیل ،1983،لا173).

**8- هونەری ئۆپتیکەل(Optical Art):**

بزاوتنیکی هونەی شێوەکاریە لە هونەری مۆدێرندا بە ناوی (ئۆپ ئارت) کورتکراوەی (هونەری بینراو)ە، کە پشتبەستە بە هەڵخەلەتاندنی بینەیی (هەڵخەلەتاندنی چاو یان بینین).ئەم گوزارشتەبۆ یەکەمین جار یەکی لە ڕۆژنامەنوسانی گۆڤاری (تایم سالی١٩٦٤) بەکاریهێنا.(نیکولاس،١٩٨٨،لا٢١)

هونەری ئۆپ بەوە دادەندرێت کە"جولەیەکی هونەریە نەك هەر جیانابێتەوە لە هەولەکانی پێش خۆی، بەڵکو بەردەوامی پەرەسەندنیەتی بە ڕەهەندو ئاسوی نوێوە...لە هەوڵدایە بۆ وەبەرهێنانی بەخششی هەستکردنە بینەییەکان لە ڕیبازی شێوەکاریدا، کە دوای ئەو ئاسەوارە دەکرێ، کە دیمەنی نیگارکیشراو لە چاوی هونەرمەند جێی دێڵێ و بە دوای لە خشتەبردنی بینەییە، لە سەرلێشێوینەکانی چاودا دەکەڕێت.(امهز،١٩٨١،لا٢٤٠)

یەکی لە دیاترین هونەرمەندانی ئەم بزوتنەوەیە (ڤیکتۆر ڤازاریللی)یە، کە هەستیکردووە ((هونەری شێوەکاری هەمووی لە یەکەیەکی (بەناویەکدا چوی ژانری) پێکدێت و هیج شتێك نییە ببێتە هەنجەتی لێك جیاکردنەوەیان لە پۆلاندنی دیاریکراودا، وەك نیگار کیشان، پەیکەرسازی، گرافیك و بیناسازی" (سمث،٢٠٠٠،لا٥٨).



وێنە (٨) ڤیکتور ڤازاریللی، (زێبرا)

**- کاریگەری ئاراستەکان لە سەر شێوەکارانی کورد لە کوردستان:**

مێژووی هونەری شێوەکاری لە شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ (90)ساڵ لەوە پێش، واتا سەرەتای سەدەی بیستەم، یەکەم جار کۆمەڵێک شێوەکارلە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو شاری سلێمانی دێن، لەگەرماوی سورەت کۆبونەوە دەگرن و بریاریان وادەبێ، کە چەن تابلۆ بنەخشێنن وخەڵک بانگیان دەکردن بۆ کێشانەوەی ئەم تابلۆیانە، کە یەکەم کەس (عوسمان بەگ) بەو سەرەتایە دەست پێدەکات."یەکەم هونەرمەندی شێوەکاری لە عێراق ئەفسەرێکی کورد بوو، بەناوی (عوسمان بەگ)بووە وێنەی ئەو ئافرەتانەی

کێشاوە کەوا دیدەنی گڵکۆی مردووەکان کردووە، ئەو ئافرەتانە کە گوڵ سەوزایی وبەهار دەوریان دابوو، ئەگەرچی هیچ تابلۆیەك لەو تابلویانەی ئەمر هونەرمەندە کوردە نەماوە بەڵام یادی ئەو هونەرمەندە هەر ماوەتەوە.(پیربالْ،2006،لا69)

گرنگترین دیاردەیەك کە لەسالآنی (١٩٢٠)دا لە بواری نیگار کێشاندا ئامادەیی هەبێت، کارکردنی نوسەرو هونەرمەندی کورد (حسەین حوزنی موکریانی)یە، ئەمر نوسەرو هونەرمەندەیە یەکێکە لە یەکەمین ئەو نووسەرە کوردانەی، لە سەردەمی هاوچەرخدا بایەخی بە هونەری شێوەکاری (بە زۆریك لە لقەکانی) داوە، تابلۆ و نیگار وێنەگەری (فۆتۆگراف) و هەڵکۆڵین (گرافیك) و زەنکۆگراف هەڵکۆڵین بە تیشکی ڕوناکی وهتد. (پیربال،2007،لا77)

لە سالی(١٩٣٤) یەکەمین کتیب بە زوبانی کوردی دەرباری هونەری فۆتۆگراف و نیگارکێشان دەنوسیَ و بڵاودە کاتە وە. (د. فەرهاد پیربال لە بارەی ئەمر کتیبەوە دەڵیت: لەمر کتیبە دا بۆ یەکەمین جار نووسەرێکی کورد ناوەڕوکی هونەری ڕەسمکردن و لقە کانی ئەمر هونەرەمان بۆ شیدەکاتەوە، ئەمر کتییە، کە بەرگەکەی بریتییە لە تابلۆی (ژن و پیاویکی کورد)، بە جلوبەرگی کوردیەوە، سەرقالی ڕەسمکردن و هەڵکۆلینن، شێوەی (١٦)تابلوکە بە قە لەمر مەرەکەبی چینی کراوە و کاری هونەرمەند خۆیەتی، کتێبەکە بیست و پینج تابلوی هێلکاری تیدایە، کە ئامێرەکانی نیگارکێشان لیسیۆگراف و گرافیك وفۆتوگراف پێشان دەدات، هەمووی لە دەستکردی هونەرمەندن. (میرخان،رۆڤار،لا49)



وێنە (١٦)بەرگی کتێبەکەی (ح.ح.موکریانی)

دووەمین کەسی کورد (حەسەن فەلاح)ە، کە خاوەنی تابڵۆی شەڕی دەربەندیبازیانە کە بەکۆنتری تابڵۆ ناسراوە کە مێژووی بۆ ساڵی(١٩١٩) دەگەڕێتەوە بە کۆنترین تابڵۆ ناسراوە یێکێک لە تایبەت مەندێکانی ئەو تابڵۆیە ئەوەیە بە پێچەوانەی زۆرێک لە تابڵۆ هونەرێکانی کوردی، بە شێوەی پەیکەر سازی کێشراوە، واتا لە لاقەوە دەستی پێکراوە، زۆربەی تابلۆکانی (حەسەن فەلاح) لە ساڵەکانی (١٩١٠- ١٩٧٦) لەسەر دیواری چاپخانەکانی ئەو کاتەی سلێمانی دەبیندرا. لە بۆیەی ڕۆنی عادیەوە تا دەگاتە ڕەنگی زەیتی هونەری بەرهەمی هەبووە.



وێنە (١٩)حەسەن فەلاح،شەڕی دەربەندی بازیان

هەردوو هونەرمەند (حەسەن فەللاح و عەزیز سەلیمر) کاریگەری ڕاستەوخویان لە سەر هونەرمەندانی گەنجی دوای خۆیان بەجی نەهیشتوە بەپێچەوانەوەیە لە لای (دانیال قەسابی) هونەرمەند، (دانیال) خاوەنی کۆمەڵێ خوێندکاری دیارو ڕاستەخوی خویەتی و مەرسەمی تایبەتی کردۆتەوە و هەبوە لە نزیکەوە خوێندکار و کەسانی دی فێری نیگارکیشان کردووە، لەمر میانەدا پیشەی مامۆستاییەکەی یارمەتیدەری یەکەمی بووە. (رسول،2008،لا397-399)

کارەکانی هونەرمەند زیاتر دیمەنەکانی سروشتی کوردستان و شاری هە ولێرە جکە لەوەش پورتریتی کەسایەتییە ناسراوەکانی وەك تابلوکانی (برایمر ئاغای دزەیی، منارەی چولی و دەرگای قەڵات لە سالانی (1945 تا1946)ی دروست کردووە. بروانەی شێوەی (٢٠،٢١،٢٢)



وێنە (٢٠)برایم ئاغای دزەیی وێنە (٢١)منارەی چولی وێنە (٢٢) دەرگای قەڵات

بەڵام لە ساڵانی چلەکان گۆرانکاریەکی تەواو دەبیندرێت لە تابلۆکان، کە خۆیان بە دوور گرتووە لە کۆپیکاری وەك کارەکانی (جمال بختیار) لە سلێمانی دەرکەوتن، کە سودیان لە فۆتو وەگرتووە و گرینگیان بە سروشتی کوردستان داوە وەك وێنەی(٢٣)لە قوناغەکانیتردا بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخاتە ناو کارەکانی، هەروەها لە کوتایی چلەکان تابلۆی چەند نیگارکێشێکی تر دەردەکەون وەك (شیخ مستەفا بەرزنجی) هێلکاری تابلوکانی (قادری کوردی) و (عوسمان مستەفا خال)ن. (پیربال،2006،لا77-79)



وێنە (٢٣)(٢٤)جمال بختیار

بەڵام لە ساڵانی پەنجاکان هەندێ هونەرمەندی تر بە دەرکەوتن، کە بە شێوازی تایبەتی خویان کاریان کردووە، وەك هونەرمەند (سەعدەدین سەعید باتـەیی) (١٩٣٤، ١٩٩٨ دهـوك) لـەو هونەرمەندانە هەژمار دەکرێت کە ستایلیکی تایبەتی پەیرەو کردوە لە کارەکانیدا، هونەرەکەی و کارەکانی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاشکاو و ڕاستگویانەی ژیانی کەسێتی خۆیەتی، کە لە ژیانیدا مرۆڤێکی یاخی و پابەند نەبوی ڕیسا و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بووە، بەشیوەیەکی گشتی لە کارەکانیدا لە پێکهاتەی کارکردنی مینیاتوریی باوەکان بووە" (رەسول،2008،لا408).



وێنە (٢٥)تابلوی سەعدەدین سەعید باتـەیی

یەکەمین خوێنکاری کورد، کە لەم سەرچاوەیەدا باسی دەکرێ، (بەدیع باباجان) بووە، کە لە ساڵەکانی (1923تا1996) ژیاوە و لە ساڵی(1945)چۆتە بەغدا تاکوو هونەری شێوەکاری بە شێوویەکی ئاکادیمی بخوێنێ،

(بەدیع باباجان) کاری دیزاینی زۆرێک لە ڕێکخراوە ئەدەبی و هونەری و مەدەنییەکانی کردووە، بۆ نمونە: لۆگۆی یێکێتی نوسەرانی کورد لە ساڵی (1970)و بیتاقەی یانسیب بۆ هەموو عێراق وەك نمونەی (٢٧)،ئەو لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەنێردرێتە سویس و ڕۆلی هونەری دەبێنێ و دوای هاتنەوە لە بەغدا لە مەساحە العالمە دادەمەزرێ.

https://www.facebook.com//hawler-Newspaper





وێنەی(٢٦) خالد ئاغای زێباری بەدێع باباجان وێنەی(٢٧) یانسیب

هونەر بە گشتی گۆڕانکاریەکی ئەو تۆی نەبینیوە لەو سەردەمەدا، کە زۆرینەی دووبارەکردنەوەی سروشت و ژیانی لادێ بوو، بەڵام لە دوای ئەو هونەرمەدانە کۆمەڵی هونەرمەندی تر بە ناوەکانی (ئازاد شەوقی، خالد سعید، ئەدوارد ولیام، ساوە ئەلیاس) ئەوانە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد وەردەگیرین، ئسدی هونەر گۆڕانکاری بە سەردا دێت و دەچێتە قوناغێکی ترەوە، لە بەکارهێنانی ماددەو کەرستەی جیا جیا، ئەم گۆڕانکاریەش لە تابلۆکانی هونەرمەند (ئازاد شەوقی) بە ڕوونی دەبیندرێت، وەك وێنەی (٢٧)کە بەرەو ئاراستەی کیوبیزم دەڕوات بە هەمان شێواز و ستایلی هونەرمەند (سیزان)، کاری کردووە لە سروشتدا وەک لە تابلۆکەی چیای (سانت ڤیکتۆریا).



وێنە (٢٧) تابلوی ئازاد شەوقی

(ئازاد شەوقی) ئاشنایەتی پەیداکردووە لەگەڵ رێباز و ستایڵە تازەکانی وێنەکێشان و هونەر، کارەکانی ئازاد شەوقی ئەگەرچی زۆرێك پێی دەڵێن هونەری (ئیمپرێشینیزم - الانتباعیە)، بەڵام بە بۆچوونی من نزیکترن لە ئەبستراکتی دەربڕینخوازی، راستە گرنگی زۆر دەدات بە دیمەنی سرووشتی و دانانی ڕەنگی نامەئلوف، بەڵام ئەمە لەراستیدا خۆی تامێکی ئەبستراکتیانەیە لە تابلۆکانییدا، بۆیە وەك هەوڵێکی جیدی و باڵا هەژمار دەکرێت لە دونیای ئەبستراکتی، کە بنەماکانی ئیستاتیکا و دەربڕینە تەکنیکییەکانی پێکەوە بەستۆتەوە. (هاشم ،2021،لا124)

لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستداو بە دەستنیشانکراوی لە سالی (١٩٦٦) یەکەم خوێنکاری کورد، کە هونەرمەند (عەلی جۆلا)یە لە ئەکادیمیەی هونەرەجوانەکانی بەغداد دەردەچێت، کە سەرەتای کارەکانی هەڵگری سیمایەکی واقیعیانەی (تەعبیری) بوون بەڵام لە ساڵانی هەشتا و نەوەددا، شێوازی کارکردنی وەرچەرخانێکی بە خۆوە دی، بەرەو شێوازێك کە (کیوبیزمی) شیکاریی بەسەردا هەژمونگەرایە، شێوەی (٢٨)، تا لە دوا شێوازی کارکردنی ئەم ساڵانەیدا زیاتر لە دوای سالی دوهەزارەوە ڕوخساری شێوازی ئەبستراکت ئیکسپرێشنێزم لەبەرهەمەکانیدا بەدەرکەوتوە. (ڕەسول،2008،لا413-414)



وێنە (٢٨) عەلی جۆلا

لە سەرەتای حەفتاکانیشدا کۆمەڵێ هونەرمەندی تر دەردەکەون لەوانە (عەتا قە زاز ١٩٤٧ و عەلی کەریم ١٩٤٨، لالەعەبدە ١٩٤٧ و سمکۆ توفیق ١٩٤٩، دارا محەمەد عەلی ١٩٥٠) لە سەرەتادا بە شێوازی ڕیالیزمی کاریان کردووە و کارە هونەریەکانیان بە شێوازیکی ئەکادیمی خستوتە ڕوو و زۆر لە ڕیالیزم دوور نەکەوتونەتەوە، بەڵام لە قوناغەکانی ساڵانی درەنگتری تەمەنیاندا کارەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە تایبەت دوای چونە دەرەوەی هەندی لەو هونەرمەندانە لەوانە (لالە) دوای چوونە دەرەوەی کەمێک گۆرانکاری بەسەر سیمای کارەکانیدا دێت، (سمکۆ)ش کەمێک فەنتازیای تێکەڵ بەکارەکانی کردووە، کە هەر دووکیان لە ڕووی ئەکادیمیەوە بەتوانا بوون، (دارا)ش لە ساڵانی هەشتا بەدواوە سیمبولە فولکلۆریەکان ئاوێتە بە کارەکانی دەکات.

هەر لەم ساڵانەدا هونەرمەندێکی تر بە ناوی (ئیسماعیل خەیات) کە یەکێکە لە هێما هەرە دیارەکانی هونەری شێوەکاری لە کوردستانی عێراق، پێکهاتەکانی ئەزموونی هونەریی خۆی بە سیفەتەکی تاکەکەسی دامەزراند، لە ڕووی ناوەڕۆک و ستایلەوە، خاوەن هونەریی تایبەتی خۆی بوو لە سەر چونیەتی کارکردنی هونەری ئەو دەمە لە ڕێی تە کنیکی کارە ڕەشوسپیەکانی، کە لە ساڵانی هەشتادا گەیشتە لوتکەی تابلۆکەی، بە سیمایەکی (دەربڕینەوە) دیاری کراوە وەك نمونەی (٢٩،٣٠)، کە لە هونەری شێوەکاری کوردیدا لەبەرچاو نەگیراوە. کارەکانی مامەڵەیان لەگەڵ بابەتە مرۆییە گشتییەکاندا کردووە و تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندی کورد لەناوەڕۆکەکەیدا، بۆ نموونە (ئەنفال و هەڵەبجەو شێوەو هێماو ڕەنگەکانیان و ژینگەی دەوروبەرو ناوخۆییان ئیلهامی پێبەخشیوە.

(https://www.almadasupplements.com/view.php?cat=24560) 2021/09/01 10:38:22 م





وێنە (٢٩) (٣٠) ئیسماعیل خەیات

یەکێکی دیکەیە لەو هونەرمەندە ڕەچەشکێنانەی لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە هەوڵی زۆر و کاری زۆر و ئەندێشەی زۆری خستۆتەگەڕ بۆ تۆکمەکردن و خستنەڕووی هونەرێك، کە نزیك دەبێتەوە لە ئەبستڕاکت بەتایبەتی (هونەری ئەبستڕاکتی دەربڕینخوازی).

ڕەوتی هونەری ئەبستڕاکت لە کوردستاندا زۆرتر نمایش دەکات، هەرچەندە بۆ کاتی خۆی ڕەنگە کارەکانی ئەم هونەرمەندە بەپێی مەزەندەی ئەو کاتی بینەر و ڕۆشنبیرەکانیش جێگای ڕەخنەبووبن، بەڵام لە ئێستادا ئێدەگەین کە (ئیسماعیل خەیات) قۆناغێکی گرنگە لە هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان و دەروازەیەکی بوێرانەیە بۆ هاتنە ناوەوەی کۆمەڵێك هونەرمەندی دیکەی دوای خۆی بۆ بواری هونەری ئەبستڕاکت.

دیارە زۆرن ئەو هونەرمەندانەی لە سەدساڵی رابردووی مێژووی هونەری وێنەکێشاندا لە کوردستان ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام ئەو هونەرمەندانە دەگمەنن کە لەگەڵ ڕەوتی نوێخوازی و هاوچەرخێتی دنیادا کاریانکردووە .(هاشم ،2021،ل123)

ئەو هونەرمەندانەی کە بەتەواوی دەتوانین وەك هونەرمەندی ئەبستڕاکتی ناویان بهێنین و زۆربەی هەرە زۆری کارەکانیان لەو بوارەدا ئەنجامداوە، مێژووەکەیان بۆ سەرەتای شەستەکان دەگەرێتەوە، ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنی ڕەوتی سیاسی لە کوردستان و بوونەوەی دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە ئەوروپا و بینینی کاری رۆژئاوایی و خوێندنەوە و بینینی زۆرتری ڕەوتە هونەرییە هاوچەرخەکانەوە بووە. بەڵام دوای دەرچونی هونەرمەندان (سەروەت ئەنوەر سەوز(١٩٤٥ -٢٠٠٤)لە سلیمانی، قەرەنی جەمیل-(١٩٥٤) لە هەولێر)، ئاراستە ی کارکردنی مۆدیرنی بە هیزتر بوو.

سەروەت سەوز لە کۆتایی هەشتاکاندا ڕووی لە ئەوروپا دەکات، لەوێ ئاشنا بوو بە شێوازە نوێکانی کاری هونەری شێوەکاری، چیرۆکەکانی ژیانی خۆی دەخستە سەر ڕووپەڕی تابلۆکانی، دەیویست بە زمانێکی هونەریی سادەی شێوەکاری پەیامەکانی

بگەیەنێت ، رەنگی رەش لە تابلۆكانیدا رەنگێكی زاڵ و باوە، ئەو پێی وابوو رەنگی رەش دەتوانێت گوزارشت لە ئازار و خەمەكانی بكات

. https://www.mewdamedia.com/articles/22694 2022/02/07



وێنە (٣١)سەروەت ئەنوەر سەوز،(١٩٧٦)

لە دوای رێككەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ قۆناغێكی تازە لە بزاڤی هونەری شێوەكاری هاتە كایەوە، هونەرمەندانی شاری هەولێر زیاتر كەوتنە چالاكی و پیشانگەی تاكە كەسی دەركەوت و هەر یەك لە هونەرمەندان : (محمد عارف , دارامحمد عەلی ,نامیق عەلی) پیشانگەی كەسیان كردەوە و لەم قۆناغەدا ئافرەتانیش هاتنە ناو بواری هونەری وێنەكێشان , شێوەكارێكی وەك (نەسرین مەرجان) لە ساڵی ١٩٧٠ لە (ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانی بەغدا- بەشی شێوەكاری) وەرگیرا , هەر وەها ئافرەتانیش لە پیشانگەی سالانەی پەروەردەیی و هونەرەكانی ناو ماڵ بەشداریان دەكرد.

یەكەم هەنگاوی ئەزموونی (تەعبیری) لە بواری شێوەكاریدا لەشاری هەولێر, كردنەوەی پیشانگایەكی هونەری بوو , لە لایەن كۆمەڵێك گەنجی شێوەكاری كورد لە هۆلی قوتابخانەی (اربیل الاولی) لەساڵی ١٩٧٢ بوو , كە بووە بناغەی كاری تازەی شێوازی نوێ دەربرین و قوتابیەكان ئەمانە بوون : (قەرەنی جەمیل ,نەجات عبدالواحد ,فوئاد علی , كەمال عەلی ).( (نەجار،،لا ٢٣٢)

هەروەها هونەرمەند (مەدحەت كاكەیی) هونەری گرافیكی خوێندووە لە بەغدا، ئێستا بە یەكێك لە هونەرمەندانی ئەبستڕاكتی دەژمێردرێت، كە وەك رەها كارلە هونەری (ئەبستراكت) دەكات و هەوڵ دەدات مانا وەربگرێتەوە لە هێڵ، تەنها بەڕەنگێك كاردەكات و لە دوا بەرهەمەكانییدا تەنها یەك رەنگ دەبینرێت لەسەر كارەكانی، بۆ نموونە تابلۆی هەیە تەنها یەك رەنگی پرتەقاڵی یان سەوز یان تەنها رەنگی رەشی كردووە بە پۆشاكی تەواوی فۆڕمەكانی، بەمەش جۆرێك لە جۆرەكان وەك ئەبستڕاكتێكی رەها كارەكانی دەبینرێت و بیركردنەوە و تێڕوانینەكانی بۆ زەمەن و شوێن و مانا تەنها لە فۆڕمێكی سادەكراوەدا دەردەخات. (هاشم ،2021،ب20)





وێنە (٣٣،٣٢)مەدحەت كاكەیی

جگە لەمانە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاكان كۆمەڵی هونەرمەندی گەنجی تر دەرجوون لە ناوەندی هونەریەكان، كە زوو كاریگەر بوون بە هونەری مۆدێرن، یەكێك لەوانە هونەرمەند (عبدالله رسول)ە، كە گۆڕانكاریەكی تەواو دەبیندرێت لە تابلۆكانی بەرەو ئاراستەی ئەبستراكتی ئەندازەیی ڕۆیشتووە وەك وێنە (٣٤)



وێنە (٣٤)عەبدوڵا رەسول مەولود(١٩٩٢)

ئەوەی جێگای ئاماژەیە لێرەدا تەنها ویستوومە هەندێك لەو هونەرمەندانە وەك مێژوو باس بکەم، ئەگینا لە پانتایی هونەری کوردی و بەتایبەت لە باشووری کوردستان زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە جێگا دەستیان دیارە لە رەوتی هونەریی ئەبستڕاکت، نموونەشمان هەوڵە جدییەکانی هونەرمەندان ( عەونی سامی، حەمید جەمال، وەهبی ڕەسوڵ، عەلی کەریم، سالارمەجید، گارا رەسوڵ، ...هتد) ە کە لە مەیدانی هونەری ئەبستڕاکتتدا رۆڵیان هەیە.

**-میتۆد وجێ بە جێکردنی شیکاری توێژینەوە:**

**٣-١کۆمەڵگای توێژینەوە:**

زۆری ئەو شێوازە کارکردنانە لە نێو هونەرمەدان و بەکارهێنانی ئەو ئاراستە هونەریانە وای کردووە ئەرکەکەمان قورس بێ لە هەڵبژاردن، بۆیە توێژەر دوای لێکۆلینەوەیەکی ورد دیاری کردنی چەند تابلویەك لە چوارچێوەی هەولێر، کە نوێنەرایەتی ئەم نمونانەی دەکەویتە سەر لە نێوان ساڵانی (2006 – 2008) بە پێ سنوری توێژینەوەکە.

٢-٢**نموونەی توێژینەوە**:توێژەر بە شێوەکی دیاریکراو (مەبەستدار) ئەو نمونانەی دیاری کردووە، کە لەگەڵ ئاماژەکانی چوارچێوەی تیوری بگونجێت، بۆیە توێژەر هەڵدەستی بە دەستنیشان کردنی چەند نمونەیەکی دیاریکراو بە ناوی (حمد جمال،2006) و (تـوانــا مرجــان،2008) و (حسن فتاح رسول،2006)، بە پێی سنوری توێژینەوەکە.

١-نوینەرایەتی کۆمەڵگەی بنەرەتی توێژینەوە دەکات.

٢-کارەکان شێوازو تەکنیکەکی جیاوازیان تیدا بە کار هاتووە.

٣- ئەم نمونانە کاری هونەرمەندی ناسراون کە یارمەتی دەرن بۆ دیار خستنی ئاراستەکانی هونەری ئەبستراکت لەکوردستان

**٣-٣ئامرازی توێژینەوە:**

بۆ دەرخستنی ئاراستەکانی هونەری ئەبستڕاکت لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردیدا، توێژەر پشتی بەستووە بەو ئاماژانەی کەلە نێو چوارچێوەی تیوری توێژینەوە پێ گەیشتووە، ئەمەش بە یاریدەی میکانیزمێك دەیخاتە ڕوو کە پشت بە میتودی وەسفی شیکردنەوە دەبەستی.

**نمونەی یەکەم:**

ناوی هونەرمەند:حمید جمال

پێوانەی تابلۆ:176-200سم

سالی بەدیهینان:2006

مادەی بەکارهاتوو:جۆراوجۆر

خاوەنداریەتی:کومەڵی تایبەت



ئەم تابلۆیە پێك هاتووە لە پانتاییەکی ڕەنگی ڕەش کە لە چوارچێوەی تابلۆکە دەرچووە، لە ڕووی پلەی ڕەنگیەوە لە پانتاییەکی ڕەنگی بەیەکدا چوی لێك نزیك پێکهاتووە، ئەم پانتاییە ڕەنگیە خاوەن تاریکیەکی باڵایە، هەندی پانتایی شەففتر نەبێت کە وەك گۆشەیەکی ڕەنگی کاریان کردووە، وەك بەشی سەرەوەی تابلۆکە، لە گۆشەی لای ڕاستی تابلۆکە ڕەنگێکی پەمەیی و کەمێك سور داندراوە، لە ناوەڕاستی کارەکەدا پێنج فۆرمی شێوە لاکیشەی نارێکی ڕەنگ ڕەش تێبینی دەکرێن، کە چەند خاڵێکی سوور بەشی سەرەوەی دەورە دراون و لە بەشی سەرەوەی هەر فۆرمیك خاڵێکی سپی هەیە، جگە لەوە پێکهاتەی ڕەنگی (شین، خۆڵەمێشی، سپی) لە ڕووی پانتایی تابلۆ ڕەشەکە بڵاو کراوەتەوە، کە بە ڕوونی دەبیندرێت.

شیکردنەوە:

هەر یەکە لە بارستە نیمچە لاکێشەییەکان کە لە ناوەندی کارەکە پێك هاتوون، کە لە شێوەدا لە لاشەی مرۆڤ دەچن، کە سەنتەرگیرەکی تایبەتیان گرتووە، ئەم سەنتەرگیریە بوەتە مایەي دەرکەوتنی، لە ڕێی جیاوازی تەکنیکی کارکردنێکی زبرو چرو خەست (وەك هەندی لە بەڵە سورو سپیەکان)، کە لە نێو ئەو بارستە لاکێشانە بەدی دەکرێت، جگە لەوەی هونەرمەند بەرەنجامی پەیوەندی قەرەبوکاریی جێبەجێ کردووە، لە نێوان کارتێکردنی لەو بارستاییەی کەتوتە ناوەراستی تابلۆکە، بەرامبەر هێشتنەوەی ئەو بۆشاییە فراوانەی لای خوارەوەی هەردوو لای کارەکە، ئەم پانتاییە پشتینەی ناوەدییەکەی پێکهیناوە، هاوکات بۆتە خاڵی پشوودان بۆ جولەی چاو لە نێو کارەکەدا.

هونەرمەند لە زۆربەی کارەکانیدا پابەند بوە بە بارگراوەندی یەك ڕەنگی، پەرۆشی بەکارهێنانی ڕەنگی زۆر نیە لە کارەکانیدا، بەڵکو پشتی بەستووە بە ڕەنگی دیاریکراو بە تایبەت ڕەنگی (سوور)، کە لە لای ئەو گوڵە نیسان دەگەینێت، کە بەشێکی بەرچاوە لە کارەکانی، بنچینەی کارەکەی ڕەنگی ڕەشە، کە ئەو ڕەنگە زیاترین کاریگەری هەیە لە سەر ڕووی تابلۆیەکە، چەند پەڵەیەکی ڕەنگی (سور، ڕەش، سپی) وەکو ڕەنگێکی کۆنتراست بە کاردێنی لەگەل هەندێ پەڵەی کەم لە ڕەنگی (پەمەیی، بنەوشەیی، شین، خوڵەمیشی)، وەك تەواوکەری بازنە ڕەنگیەکان بەکاربهێنی، ئەم کارە هونەریە لە ئەرکی گەیاندنی نامەیەکی بابەتیە، هونەرمەند خودی خۆی (ناخ) کارا دەکات لە سەر ئەستوی بابەتێکی دەرەکی.

**نمونەی** دووەم:

ناوی تابلۆ: بۆ کوێ دەڕۆی

ناوی هونەرمەند: تـوانـا مرجـان

قەبارەی تابلۆ: 50 ×35سـم

سالی دروستکردن: 2008

کـەرســتـە:ڕەنگي ڕووني لەسەر کانسن

شـــویـن: هەولێر/ فاملي مۆل،هۆم ئیستەنبول



تابلۆکە بەگشتی پەیوەندی نێوان سێ ڕەنگی بنەڕەتی لەخۆ ئەگریت ( سەوز و زەرد و رەش)و ناوەندی تابلۆکە داگیر دەکات. کارە لە بارگراوەندێکی زەردی هیندی تیکەل لەگەل ئۆکەر داندراوە، دەوری بارستە ڕەشەکەی داوە، بارستەیەکی هێلکەیی ڕەش ناوەراستی تابلۆکەی داگیر کردووەو لە نێو ئەم بارستەیە هونەرمەند کۆمەڵێ پەڵەی ڕەنگی تری بە کارهێناوە، وەکو ڕەنگی (سورو سەوز و پەمەیی)، پێگەی ناوەندو نیمچە ناوەندیان داگیر کردووە.

شیکردنەوە:

لەلایەنی کۆمپۆزشنەوە، هێڵی گشتی کۆمپۆزیشنی کارەکە لە فۆڕمێکی بازنەیی نارێك پێکهاتووە، هەستاوە بە داڕشتنەوەی چڕکراوە لە ناوەڕاستی و ساکار کردنەوە لە گۆشەکانی، کە جۆرەها هاوسەنگی ڕەنگی و شێوەیی، کە ئۆقرەییەکی زۆر بۆ چاو بینەر

پەخش دەکات، کە هونەرمەند زۆرترین قورسایی لە ناوەراستی کارەکەی کۆکردۆتەوەو ئاراستەی کردووە، کەوا لە چاوی وەرگر دەکات، بەرەو چەقی کارەکە بچێت، لە ناوەراستی تابلۆکە بارستایەکی ڕەشی شێوە هێلکەیی ناتەواو هەیە، کە بەشی زۆری تابلۆکەی داگیر کردووە، لە کاتی سەیر کردنی تابلۆکە بینەر بۆ خۆی ڕادەکێشیت. لەناو بارستە ڕەشەکەدا شێوەیەکی دروست کردووە بە ڕەنگی پەمەیی، لێرەدا هونەرمەند، کە ڕەنگە پەمەییەکەی بەکارهێناوە، کە وەک شێوە مرۆڤ خۆی نواندووە، کە دەیەوێت دەرچێت لەناو ترسدا بۆ ناو خۆشی و گەشبینیەوە، ڕەنگی کەسکەکەش وەکو ژیان و نوێ بوونەوە مانا دەدات، کە هونەرمەندەکە چەند هێڵێکی تێکشکاوی بەکار هێناوە لەسەر شێوەکان و چەند پەڵەیەکی سۆر و سەوزی بەکار هێناوە.

هونەرمەند لە تەکنیکی بە کارهێنانی خامەی کارکردنەکەیدا (ڕەنگی زەیتی)ی بەچەند شێوازێك بەکارهێناوە، جارێك بە خەستی و جارێك بە شەفافی، لە ناوەڕاستیشدا تەکنیکی (ڕوشاندن)ی بەکارهێناوە، جگە لەمەش پەڵەی ڕەنگی کە بە شێوەی پرژاندن)ی بەکارهێناوە، هونەرمەند ئەو کەرستانەی بە کاریهێناون ڕەنگی زەیتیە، کە بە فلچەو شەفرە ڕەنگەکانی بڵاو کردووەتەوە، جگە لەوەی کە هونەرمەند ڕەنگی پرژاندووتە سەر تابلۆ بۆ دەبرینی ئەو هەستە دەرونیەی، کە لە ناخیدا پەنگی خواردووە. پرۆسێسی بیرکردنەوەو ئەندێشەکردن لەبنەما بەراییەکانی هونەرمەندە، بۆ دەرچوون و ئاراستەکردنی وێنە زەینیەکان. بەڵکو لەمیانی ئەم پرۆسێسەدا ناخی هونەرمەند هەژمونی خۆی پیادە دەکات بەسەر واقعدا.

لەم کارەدا هونەرمەند توانایەکی تایبەت دەبەخشیتە نێو ئاماژە شێوەییەکان، دەقی بینەر و بە تایبەت هونەمەند (توانا مەرجان) کە کارەکانی هەڵگری ناوەڕۆکیکی شاراوەو جیاوازە، کارێکی هێلکەییە لەسەر پشتینەیەکی تەختی ڕەنگی زەرد، کەوایە هونەرمەند پشتی بەستووە بە شێوازی تەکنیکی ئازاد، بەکارهێنانی ڕەنگی زەیتی ومامەلە کردن وەك ناوەندیکی ماددی، کە هاوشان بوە لەگەل بیرۆکەی هونەرمەند، ئەمەش لە نمونەی بەرهەمی ئەبستراکتی دەربرینخوازی پێشکەشکراوە.

**نمونەی سێیەم:**

ناوی تابلۆ:ئارکۆلوجیایی قەڵات

ناوی هونەرمەند: حسن فتاح رسول

قەبارەی تابلۆ: 1,20 × 1,20سـم

سالی دروستکردن: 2006

کـەرسـتـە:ڕەنگي ڕوونی کانڤاس

شـــويـن: هەولێر:کومەڵەی تایبەت بە هونەرمەند



**چاوپیاخشاندن:**

ئەم تابلۆیە پێکهاتووە لە پانتاییەکی ڕەنگاو ڕەنگ، کە لە چوارچێوەی تابلۆکەدا بڵاو بوونەتەوە بە شێوەکی بازنەیی، لە ڕووی پلەی ڕەنگیەوە لە پانتاییەکی ڕەنگی بەیەکدا چوی لێك نزیك پێکهاتووە، لە ناوەراستی تابلوکە ڕەگێکی زەرد لە چەقیدایە، کە هەر چەندە ڕەنگە زەردەکە گەورەتر دەبێ، ڕەنگەکەی بەرەو پرتوقالی تر دەروات بە شێوەکی بازنەیی، لە هەر چوار لای گۆشەی تابلۆکە ڕەنگی (پەمەیی، شین، قاوەیی، سپی، سوور) داندراوە، لە ناوەڕاستەوە بە ڕەنگی گەرم دەست پێدەکات لە لێوارەکانی بە ڕەنگی سارد کوتایی دێت و لە سەر ئەم ڕەنگانە چەند شێوەی ئەندازەیی وەك چوارکۆشەو لاکیشەی ڕەنگاو ڕەنگ دەبیندرێن، کە ئەوانیش بە هەمان ڕەنگەکانی ژێرەوەی خویان بە شێوەکی بازنەیی لە ناوەڕاستی تابلوکە بەرەو قەراغەکانی تابلۆکە دەرۆن.

شیکردنەوە:

هونەرمەند لە مامەلەکردنی لە گەڵ ئەو کەرستانەی، کاری پێکردوون، (ڕەنگی زەیتی) مامەلەکی شارەزایانەی کردووە، بەپشت بەستن بەبارگراوەندی ئەم کارە بەگشتی کاریکی بازنەییە لە پێکهاتەی گشتیدا لە سەر ڕووەکی تەخت (فلات)، کە کارەکە بە دوو بازنەی ڕەنگی دەردەکەوێت، بازنەی چەقەکە بە ڕەنگی گەرمی وەك (زەرد، سور، ئۆکەری، پرتەقالی) و بازنەکەی تر بە ڕەنگی ساردی وەك (شین، پەمەیی، بنەوشەیی)، جگە لە ڕەنگی سپی و خوڵەمیشی و ڕەش، کە بە شێوەیەکی زۆر کەمر بە کاری هێناوە دەردەکەوێ، هونەرمەند تێکەلاویەکی ڕەنگی کردووە لە نێوان ئەم دوو لایەنە، بە جۆریك هەر بەرەیەك لە ڕەنگەکان بەشێکی دیاری کراوی لە کارەکەی خۆی داگیرکردووە، جگە لەمە هونەرمەند چەندەها فۆرمی شێوە لاکێشەو چوارگۆشەی ڕەنگاو ڕەنگی

بچوك لە نێو تابلوکە بڵاو کردووتەوە، کە بۆ دەرەوەی سنوری تابلوکە دەڕۆن، هونەرمەند ئەم تەکنیکەی بەکار هێناوە گونجاوە لەگەڵ بیرۆکەی سەرەکی کارەکەی، کە توانویەتی کامڵبونێکی بینەیی بە دی بێنیت بۆ کارە هونەریەکەی.

کاتی سەیری ناونیشانی تابلوکە دەکەین (ئارکۆلوجیایی قەڵات) و بچینە ناوەڕۆکی بابەتەکە ئەوە بابەتگەلێکی زۆری لێ دەبێتەوە، بیرەوەریەکانی هونەرمەند گەرانەوەی بۆ دیمەنەکانی ئاوەدانی قەڵات و زیندووی ژیان و ڕوحی پراو پڕی بە جوڵەی گەرمی ژیانە، کە ئەمەش تەکنێکیکی جیاوازی هونەرمەندە، تایبەت بە خودی خۆی، ئەمانەش گشتی سیماو ستایلی ئەبستراکتی ئێکسپرێشنێزمی پێوە دیارە.

**-**ئەنجام پێشنیازەکان:

١-٤ئەنجام :

١ـ لە سەرەتادا هونەری شێوەکاری کوردی بە گشتی گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، زۆرینەی دووبارەکردنەوەی سروشت و ژیانی لادێ بوو، بەڵام کاتی هونەرمەندان چونە دەرەوەی وڵات هونەر گۆڕانکاری بە سەرداهات، چووە قوناغێکی ترەوە، لە بەکارهێنانی ماددەو کەرستەی جیا جیا، ئەم گۆرانکاریەش لە تابلۆکانی هونەرمەند (حسن فتاح ،حمید جمال، توانا مرجان) بە ڕوونی دەبیندرێت، کە بەرەو ئاراستەکان ڕۆیشتوون، شێواز و ستایلی هونەرمەندانی بیانی کاریان کردووە .

٢ـ هونەرمەندانی کورد هەستاون بە کاراکردنی ماددەو کەرستەی جیاواز لەم میانەوەش ئەنجامی جیاواز و تایبەتیان بە دەست هێناوە .

3-هونەری شێوەکاریی کوردی لە ساڵانی دوهەزارەوە ڕوخساری شێوازی ئەبستراکت ئێکسپرێشنێزم لە بەرهەمەکانیدا بەدەرکەوتووە بە تایبەت نموەنەی (1، 2) بەڵام نمونەی (3) نزیك دەبێتەوە لە شێوازو ستایلی (ئۆپتیکەل) لە میانی شێوازی ئەبستراکت ئێکسپرێشنێزم ..).

**٤-٢پێشنیازەکان-:**

لەکۆتکایی ئەم تکوێژینەوەیەدا پێشکنیاز دەکەین کە هونەری ئەبستراکت وەکو وانەیەک لە بەشی شێوەکاری پەیمانگە و کۆلێژی هونەرەجوانەکان بخوێندرێ.

سەرچاوەکان:

**فەرهەنگەکان:**


-الآغا، وسماء، ،(2007)، الواقعية التجريدية في الفن، المطبعة الوطنية، عمان- الأردن، الطبعة الأولى.

-البركات،ابراهيم ،2011،دراسات العلوم الشريعة والقانون،المجلد38،العدد2،

-رسول،وەهبی،(٢٠١٣)،ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم، چاپخانەی شڤان، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

-رەسول،وەهبی،(2008)، التعبيرية التجريدية في الرسم المعاصر في كوردستان العراق،رسالة ماجستير غير منشورة، فنون تشكيلى ،جامعة السليمانية.

-عبود، حسام عبد المحسن، (1987)،الاصالة في اللوحة التشكيلية العراقية بين مفهوم التراث والمعاصر،رسالة ماجستير،كلية الفنون الجميلة،بغداد.

-الفيرو زابادي، مجد الدين محمد بن يعقوب. (2019)،القاموس المحيط. ج ،١دار الجيل، تاريخ وصول البحث الى المصدر

-محمد،دانا،(2017)،ئێکسپرێشنیزم لەنیگارکێشانی هاوچەخی هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، هونەری شێوەکاری زانکوی صەلاحەدین.

-مراد وهبة وأخرون، (1971)المعجم الفلسفي، دار الثقافة الجديدة، القاهرة، ط2.

-موکریاک ،هەژار، (١٩٩٠)،فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چابخانەی پویا، تەهران .

سەرچاوە عەرەبیەکان:

-امهز ،محمود،1981،الفن التشكيلى المعاصر،بيروت،دار المثلث للطباعة والنشر،.

-سمث،ادوارد لوسى،2000،فن ما بعد الحداثة،ت:فخري خليل،بغداد،دار الشؤون الثقافة،الموسوعة الصغيرة،ت:432،.

-الشال عبد الغني النبوي ، ١٩٨٤،مصطلحات الفنية.

-عبد السادة(د) ،عبد الصاحب الخزاعى،2011،الرسم التجريدى بين النظرية الإسلامية والرؤية المعاصرة،رسالة......، دروب للنشر والتوزيع ،عمان.

-نعمت إسماعيل عالم ، 1983 :فنون الغرب في العصور الحديثة، دار المعارف، ط2.

-ويد،نيكولاس،1988،الأوهام البصرية فنها وعلمها،ت:مظفر،بغداد،دار المامون،.

**سەرچاوە کوردیەکان :**

-بزافی رۆشنبیری لەشاری هەولێر لەساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥) /لێکۆلینەوەی مێژوویی/هۆشەنگ سالح 2-نەجار،بەشی نۆزدەهەم (١) ئامادە کردنی/عبدالهادی رحمان قەساب(کاکۆ).
-پیربال ،فەرهاد، 2006،مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان ، لە کونەوە تا پەنجاکانن هەولێر، دەزگای میرگ،
-پیربال ،فەرهاد،(2007)،کرۆنەلوژیایی هونەری شێوەکاری مودیرن لە هەولێر ،گۆڤاری شاکار،سلیمانی، ریکخراوی هونەرمەدانی کوردستان،ژمارە(29)
-رەسول،وەهبی،2008،ئەبستراکت ئێکسپرێشیونیزم لە نیگار کێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا ، چاپخانەی شیفا،چاپی دووەم،.
-گارا،٢٠٠٥،هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە فرانچیسکاوە تا سوریالیزم،چابخانەی وەزارەتی پەروەردە،
-میرخان،قادر:حسین حوزنی کۆڵەر،رۆڤار،سلیمانی:دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،ژ: (19) ،ب.س،
-هاشم ، حەمە،٢٠٢١،هونەری ئەبستراکت،بەڕیوبەرایتی گشتی پەرتوکخانە گشتیەکان /هەرێمی کوردستان

گۆڤار و بڵاوکراوە ئەلکترۆنیەکان:

-https://www.facebook.com//hawler-Newspaper
-https://www.almadasupplements.com/view.php?cat=24560
-https://www.mewdamedia.com/articles/22694 2022/02/07
-http://www.brob.org/bohoth/makalat_b03/makalat302.htm
-https://ar.peopleperproject.com/posts/7199-biography-of-kazimir-malevich-russian-abstract-artist
-https://stringfixer.com/ar/De_stijl
- جماعة الفارس الأزرق(alyaum.com)

## اتجاه الفن التجريدي في الرسم الكردي الحديث

**پەيمان عثمان رسول**
قسم الرسم,كلية الفنون الجميلة,جامعة صلاح الدين-أربيل
osmanpayman4@gmail.com

**ملخص**

من بين نتاج الحضارات المتعاقبة للبشرية ، أو إنجازات بعض الأمم والأمم المبكرة ، تم العثور على العديد من الأدلة الفنية ، التي تحمل خصائص اللوحات التجريدية. ويشير معظمهم إلى موضوع بحثنا الذي عنوانه "اتجاه الفن التجريدي في الرسم الكردي الحديث"، والذي سينقسم إلى أربعة أقسام رئيسية الجزء الأول من البحث، يتضمن مشكلة البحث و أهمية البحث وأهداف و حدودالبحث والمصطلحات ، لخص الباحث مشكلة البحث في السؤال التالي: هل أثر اتجاه الفن التجريدي على الفنانين الأكراد؟ ،حدود المكان : إقليم كردستان العراق. حدود الزمني: من 2006 إلى 2008 ، تعريف المصطلحات التي تجد نفسها في (التجريد،الحداثة). الجزء الثاني يتكون من ثلاثة محاور ،المحور الأول للبحث هو( اتجاه الفن التجريدي الحديث ) والمحور الثاني يتكون من (تأثير الاتجاهات على الرسامين الأكراد في كردستان) الجزء الثالث يأتي من إجراءات البحث في مجتمع البحث : أعطى الباحث ثلاث عينات بطريقة (هادفة) ، ويتكون الجزء الرابع من النتيجة.

**الكلمات الدالة:** تجريد ، الشكل ، اللون ، الفن ، الفنان

## The direction of abstract art in modern Kurdish painting

**Payman Othman rasul**
Department of Plastic art,College of Fine arts,Salahaddin University-Erbil
osmanpayman4@gmail.com

**Abstract**

The subject of our research is titled **" The direction of abstract art in modern Kurdish painting**
Which will be divided into four main sections of the first part of the research, importance, and objective syllable. syllables, the researcher will be briefed on the following question
*Did abstract art direction affect Kurdish artists ?
Research Boundaries: Abstract Art Subjects and Directions in Modern Kurdish Culture, 2006-2008. Kurdistan region of Iraq for example
The definition of terminology is Brittany in (abstract, modern). The second part is in two major axes, the first axis of British research in modern abstract art direction, and the second axis is (directed to Kurdish painting in Kurdistan). The third part of the study and the research community and the sample of the study, the researcher gives three samples in a (purposeful) way, although the fourth part includes the results.

**Keywords**: Abstract, form, color, Art, Artists